# لەیادی 82 ساڵەی مەرگی لینین .

یادت هەر بەرز و شکۆدار بێت . تەمەنێک کە بۆ یەک چرکە خەڵکی زەحمەتکێش و گەلانی چەوساوەت لەبیر نە ئەکرد ، بۆ هەمیشە خولیای ئازادی و خۆش بەختەوەری ئینسانەکان بوویت .

بەداخەوە نەمتوانی ئەو بیرەوەریانە کە هەر یەکێ لە نادیا کرۆبسکایا و گۆرگی وکارازیتکین وئەنتۆلی لۆناتشارسکی ، نووسیانە دەربارەی لینین ، لەم نووسینە جێیان بکەمەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەم نامانە کە زۆربەیم تەواو کردووە و وەک پەڕتوکێک بە چاپی ئەگەینم ،بەشێکیم تەرخان کردووە بۆ ئەو بیرەوەریانە کە گۆشەیەکی ژیانی سیاسی و عەمەلی لینین رۆشن ئەکاتەوە . لەم یادەدا ئەم چەند نامەیەی لینین بڵاو ئەکەمەوە کە بۆ گۆرگی ناردووە .

**بەشی چوارەم ( لینین و هونەر و ئەدەب ) نامەکانی لینین . ئامادەکردن و وەرگێرانی مەحموود محەمەد عوسمان**



### بۆ ئا.م. غۆرگی

ئەزیزەکەم ئا .م . !

ماوەیەکی زۆرە بۆم نەنووسیویت . سەفەرکەمان بە بەردەوامی دوائەکەوێ و رێگری سەرەکی ئەوەیە  کە ئێستە دەنگوباستمان پێ ناگات لە برۆکسلەوە . برادەرەکانم لەوێوە بۆیان نووسیم کە چاورێم ئەکەن بۆ کۆبوونەوەی نووسینگە ( نووسینگەی سۆسیالیزمی نێو دەوڵەتی ) لەوێ . پرسیارم لە ئەمینداریيەتی گشتی کرد لەوێ، دەربارەی کاتی سەفەرەکەم ( چونکە لەسەرمە سەفەر بۆ ئیتاليا بکەم )،بەڵام هەتا ئێستە وەڵامم بەدەست پێ نەگەیشتووە ، و من ناتوانم دوا بکەوم لە برۆکسل .

ئایا (( پرۆلیتاریات )) بەدەست گەشت ؟ ، نیاز وبیر باوەرت چییە لەسەری ؟ ونیازی ئا.ف.یش ؟ بەداخەوە ئەوەم بەدست گەشت کە نایەوێ لەسەر کۆمونە بنووسێ . دەستەی نووسەرانی سێیەمان ئینۆ کنتییە (15) .

بۆم بنووسە ئەگەر هەر پرۆژەیەکتان هەیە بۆ (( پرۆلیتاریا )) ،  تۆ و ئا.ف.

دەستت ئەگوشم
لینینەکەت
لە نیوەی یەکەمی ئازار نووسراوە ساڵی 1908
جنێف
بەرگی 47 لا 147

15– ئینۆ کنتی ناوی حزبی دوبرۆفنسکییە .

*********************************************

## بۆ ئا.م.غۆرگی

### ( تایبەت بۆ ئا.م . )

1908–3–24

ئەزیزەکەم ئا.م.

نامەکەتم پێگەشت لە پێوەندی بە شەڕم دژ بە ماخییەکان . من سۆزت تێئەگەم و بەتەواوەتی ڕێزی لێ ئەگرم . بە ئەرکی ئەزانم پێت بڵێم کە من لە برادەرەکانی بترسبۆرغەوە نامەم بەدەست گەشت هەمان شێوەی نامەکەی تۆی هەیە . بەڵام من لەو باوەرەدام بەتەواوەتی تۆ لەسەر هەڵەیت .

ئەوەی لەسەر تۆیە ئەبێ تێبگەی، و هەر تێئەگەی ، ئەرکی سەر شانی مرۆڤی حزبی ئەوەیە، بەرپەرچی دەعوەت نامەیەک بداتەوە کە باوەر بە نادروستی و زەرەرمەندی ئەهێنێ . نەم ئەویست ئەم هەرایە بنێمەوە ئەگەر باوەری تەواوم نەهێنابێ ( رۆژ بە رۆژ زۆرتر ئەوە دێتەدی ، بە گوێرەی خوێندنەوەم بۆ سەرچاوە بنەرەتییەکانی حکمەتی بازارۆف و بۆغدانۆف و هاوپەیمانانیان ) ، کەوا پەڕتوکەکانیان هەمووی گەوج و زیانبەخش و بێفەر و کەهنوتییە ، لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی ، لەچڵەکانییەوە هەتا ڕەگەکانی ، تەنانەت ماخ و ئافیناریوسیش . بلیخانۆف لەسەر هەق بوو بەتەواوەتی ،لە دژایەتییان لە ڕووی ناوەرۆکەوە . بەڵام نازانێ یان نایەوێ یان سستە لەوەی کە ئەیەوێ بیڵێت بەشێوەیەکی ( مشخص ) وفراوان و ئاسان، و بەبێ ئەوەی جەماوەر بترسێنێت ،لە ترسێک کە پێویست ناکات لەو جیاوازییە فەلسەفییە وردانە . ئەمە ئەڵێم ئەگەر لەسەریشم بکەوێ بە شێوازی تایبەتیم .

چی ئاشتبوونەوەیەک ئەبێ ببێ ، ئەزیزم ئا.م. ؟ دلسۆزییت ! جێگەی پێکەنینە هەر شتێک لەم بارەیەوە بووترێ . شەڕەکە بەهیچ شێوەیەک دەربازبوونی نییە .حزبییەکان ئەوەیان لەسەرە هەموو توانایان بخانە گر ،نەک بۆ داپۆشینی شەڕەکە یان دواخستنی یان دەربازبوون لێی ، بگرە بۆ ئەوەی کارە پێویستییەکان و پراکتییەکانی حزبی کاری تێنەکرێ . ئەوەی لەسەرتە گرنگیدان بەم مەسەلەیە و 10/9لە پەلشەفیکە رۆسییەکان

يارمەتيت ئەدەن و زۆر سوپاسى بێ پايانت ئەكەن .

چۆن ئەبێ ئەوە ئەنجام بدرێ ؟ ( بە بێلايەنى ) ؟ نەخێر نابێ بێلايەنى لەم مەسەلانەدا هەبێ و ناشكرێ . ئەگەر بڕيار وايە لەسەر بێلايەنى بدوێين ، بەماناياكى مەرجدار ، ئەوە ئەبێ ئەم شەڕە لە جەماعەتى خۆمان دوور بخەينەوە . تۆ هەتا ئێستە دوور لە ئێمە ئەتنووسى ، لە بڵاوكراوە نا حزبييەكاندا ، بەردەوامبە بەوشێوەيەى كە خۆت ئەتەوێ . تەنها بەم شێوەيە جەماعەتەكەمان بەرپرسنين ، تووش نابى و سبەينێ يان دوو سبە ناچار نابى كە بريار بدەى يان دەنگ بدەى ،بەماناى ئەوە شەڕەكە بگۆريت بۆ شەڕێكى درێژخايەن ( مزمن ) وبەردەوام كە دەربازبوونى نييە .

لەبەر ئەم هۆيە رازى نابم بۆ بڵاوكردنەوەى هەر شتێك كە پێوەندى بە فەلسەفەوە هەبێ لە گۆڤارەكەدا (16) .و ئەزانم لە سەر ئەوە ئازار ئەكێشم : ئەيەوێ دەمى كەسانى تر ببەستێ و خۆى هێشتا دەمى نەكردووەتەوە ! بەڵام تۆ بە هێمنى بير لە مەسەلەكە بكەرەوە !
گۆڤارێك فەلسەفە لە خۆئەگرێ . لە ژمارەى يەكەمدا ، سێ وتارى بازارۆف و بۆغدانۆف و لۆناتشارسكى دژ بە بليخانۆفى تێدايە ، و وتارێكى من تێيدا ئەڵێم كە (( لێكۆڵينەوەكان لەسەر فەلسەفەى ماركسيزم )) = بيرديافيفيە و ئيلكليريكيە . لە ژمارەى دووەم _ نۆ وتارى بۆغدانۆف و بازارۆف و لوناتشارسكى دژ بە بليخانۆف و لينين كە بەشێوەيەكى تووڕە نووسراوە ، لە لايەنێكى ترەوە وتارێكى من تێيدا ئەيسەڵمێنم كە (( ليكۆڵينەوەكان لەسەر فەلسەفەى ماركسيزم )) = ئەلكليريكيە . لە ژمارەى سێ : شەر و جوێندان !
ئەتوانم شەش وتار بنووسم يان دوازدە وتار دژ بە ( لێكۆڵينەكان لەسەر فەلسەفەى ماركسيزم )) ،دژ هەر نووسەرێ وتارێك و دژ هەر لايەنێك لە لايەنەكانى تيۆريان . ئايا ئەمە بەردەوام ئەبێ ؟ و هەتا كەى ؟ ئايا ئەم مەسەلەيە نابێتە هۆى ئەوەى جيابوونەوە حەتمى بێت لە ئەنجامى ئاڵۆزى و رق وكينەى بەردەوام ؟ ئايا ئەم كێشانە نابێتە هۆى حەلبوونى حزب : برياريدا ، گفتوگۆى كرد ، بەدەنگدان ((گفتوگۆكە)) كۆتايى هات ....

جوان لەمە بير بكەرەوە ئەگەر ترسى جيابوونەوەت هەيە .ئايا پيرمەندانى عەمەليمان ئەم پەڕتوكە بڵاو ئەكەنەوە بەم شێوە (( نابووتە )) ؟ باشتر نييە رێگەيەكى تر بگريتە بەر ؟ ئەنووسى وەك چۆن جاران واتئەكرد ، بەماناى ((دوور ))لە ئێمە ، دوور لەو بڵاوكەرەوانەى كە كۆمەڵە حزبييەكانى بە چاپى ئەگەيەنن .كێشمەكێشەكانتان با دوور بێ لە ئێمە ، كۆمەڵەكە تواناى چاوەروانى هەيە ، ئەگەر ئەتوانرێ رق و كينە سووك بكرێتەوە كە دەربازبوونى نييە ، ئەمە تاكە رێگەيەكە بە بڕواى من .

ئەڵێ مەنشەفیکەکان ئەم ناکۆکییە ئەبەنەوە . تۆ لەسەر هەڵەیت ، هەڵەیەکی قووڵ ،ئەی ئەلسکی مکسیمۆفتش ! مەناشیفە ئەیبەنەوە و بەتەواوەتی ئەیبەنەوە ئەگەر خودی کۆمەڵە بەلشەفیکەکان فەلسەفەی هەر سێ بەلشەفیکییەکان دوورنەخەنەوە . بەڵام ئەگەر کێشمەکێشەکە لەدەرەوەی کۆمەڵەکە بەرێوەبروات ، مەودای چالاکی مەنشیفەکان لە کۆتایدا بەرتەسک ئەبێتەوە لە بوواری سیاسەتدا ، و لەوێ نەمانیانە .
وتم ئەبێ ئەم کێشمەکێشە دوور بخرێتەوە لە کۆمەڵەکە . و جێبەجێ کردنی ئەوە گرانە لەسەر خەڵکانی زیندوو، و ئازاردانیشە بۆیان . فاکتەری کات ( الزمن ) زۆر پێویستە لێرە ، و پێویستیمان بە هاورێیانێک هەیە بۆ ئەمە ، بایەخ بدەن و خاوەن غیرەت بن ، و شارەزایانێکی عەمەلی یارمەتیمان ئەدات ، هەروەها ئەرکی سەر شانت یارمەتیدانمانە . لێرە پێویستیمان بە زانستی دەروونی و پەڕتوک هەیە . من لەو بروایەدام کە لەتواناتدا هەیە یارمەتی گەورەمان پێشکەش بکەی لەم مەسەلەدا . ئەمە و ئەگەر لێم تووڕە نەبیت وەک چۆن من تووڕەم لێیان ، دوای خوێندنەوەت بۆ ناميلكەکەم (17) کە ئارستەی دژ (( لێکۆڵینەوە))ەکانە
باش بیر بکەرەوە لە مەسەلەی گۆڤارەکە ، و بەپەلە وەڵامم بدەرەوە ،بە زووترین کات . نەختێ دوودڵم لەم کاتەدا پێکەوە سەردانیت بکەین . جا بە بێ سوود سەر ئێشاننی بۆ چییە ؟ (( تادیدارێکی دوور )) .. و شەڕ بەلاوە نانەین . ئایا باشتر وا نییە کێشمەکێشی گۆڤارەکە بە ئاسانی یەکلابکەینەوە ؟، بە بێ وت وێژی درێژخایەن و کۆنگرە رەسمییەکان کە ناگانە هیچ ؟ ئەوەی ئەیکەم بە باشی ئەوەیە کە من پرسیارت لێبکەم بۆ راوێژ لەگەڵت . سلاوێکی بێپایان بۆ م. ف . حەتمەن دێم بۆ کابری ، و هەوڵ ئەدەم هاوسەرەکەم لەگەڵ خۆم بێنم ، بەڵام ئەمەوێ ئەمە بکەم دوور لە بەرانبەرکێی فەلسەفی .

به توندی دەستت ئەگوشم

لینینەکەت – جنێف

بەرگی 47 لاپرای 150 – 153

16 – مەبەست ئەو گۆڤارەیە کە گۆرگی ویستی دەری بکات بەڵام بەچاپ نەگەیشت .
17– مەبست پەڕتوکی ( ماتریالیزم و ئەزمونگەری رەخنەگرانە ) ( المادیە والتجربیە الانتقادیە .

.................................................................................

## بۆ ئا. م . گۆرگی

1908–4–19

هەردوو بروسکەی تۆ و م.ف . بەدەست گەشت ،ئەمرۆ یان سبەینێ ، لێبوردنتان بۆ ئەنێرم . و جارێکی تر دووپاتی ئەکەم کە نابێ بەشێوەیەک لەشێوەکان گفتوگۆی ئەدیبەکان دەربارەی فەلسەفە لەگەڵ مەسەلە حزبییەکاندا تێکەڵ بکەین ( مانای مەسەلەی کۆمەڵە جیاوازەکانی ناو حزب ) . تایبەت بەم مەسەلەیە بۆ ئا.ف م نووسی . دووبارە داوای لێبووردن ئەکەم لە هەموو هاورێیان بۆ بەکنار خستنی هەر بەد ناتێگەیشتنێک ، یان هەر بەرئەنجامێکی هەڵە سەر هەڵبدات سەبارەت بەپەرچدانەوەم . لەسەرمانە کاروباری ( حزبیمان ) بە هاودەنگی بەرێوەبەرین وەک چۆن پێشتر بووە ، و کەس لە ئێمە پەشیمان نییە لەو سیاسەتانەی کە پەیرەومان کرد و جێبەجێ کرد لە سەردەمی شۆرشدا ، کەوابوو ئەرکمان ئەوەیە ، بەرگری بکەین لەم سیاسەتە و پشتگیری بکەین بەرامبەر حزب . و ناتوانین بەوکارە هەڵسین ئەگەر پێکەوە نەبین . و ئەرکمانە ئەوە لە (( پرۆلیتاریا )) ئەنجام بدەین و لە هەموو کارە حزبییەکان .

ئەگەر کەسێک هێرشی کردە سەر کەسێکی تر ، و ئەمیش وەڵامی هێرشەکەی یەکەم بداتەوە بە هۆی فەلسەفەوە ، ئەرکمان ئەوەیە وەک تاک ئەو کارە ئەنجام بدەین بە بێ ئەوەی هیچ زیانێک بگەیەنین بەکاری حزبی .
زۆر بە گەرمی تکات لێ ئەکەم، تۆ و هەموو هاورێیان ، بە هەڵە لە بەرپەچدانەوەکەم تێنەگەن . زۆر داوای لێبووردن ئەکەم بەڵام ناتوانم بێم بەهۆی بارودۆخی کار و باری گشتی ، و بەهۆی وەزعی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە .

بەتوندی دەستت ئەگوشم

لینینەکەت

بەزووترین کات چاوەرێ وتارەکەی ئا . ف . ئەکەین دەربارەی خۆپیشاندانی رۆما کە بەڵێنی پێدابن . و چاوەرێ ئەکەین لە هەموو ئەوانەی لە بوواری ئەدەبدا کار ئەکەن یارمەتی (( پرۆلیتاریا )) بدەن . ئێمە هەمووومان بەرپرسین بەرامبەر رووسەکان کە نارازین لە گۆڤارەکە .
با ئەل . ئەل . بە باشی گرنگی بدات بە دارای !! لە رووسیا هاوار ئەکەن لە کەمی پارە .
جنێف
بەرگی 47 لا 156–157

---

## بۆ ئا. م . گۆرگی

1909–11–16

ئەزیزەکەم ئالکسی مەکسیمۆفتش !

به بەردەوامی باوەریکی قولّم هەبوو کە تۆ و هاورێ میخائیل (18) سەرسەخترین جوداخوازانی کۆمەڵە نوێکە بوون کە بە باشم نە ئەزانی گفتو گۆیەکی دۆستانە لەگەڵیان بکەم . ئەمرۆ بۆ یەکەم جار هاورێ میخائیلم بینی ، و قسەی دڵ بۆ دلم کرد بۆی ، دەربارەی مەسەلەکانمان و دەربارەی تۆ ، وبینیم من زۆر لەسەر هەڵە بووم .
بەخوا هیگلی فەیلەسوف لەسەر راست بوو کە وتی : ژیان بەرەو پێشەوە ئەروات لە رێگەی ناکۆکییەوە ، و ناکۆکییە زیندووەکان، دەوڵەمەنترین و فرەجۆر تر و ناوەرۆک بە پیتترە کە لەیەکم تێروانینەوە بۆ مرۆڤ دەرئەکەوێ . من وا سەیری قوتابخانەم ئەکرد وەک ئەوەی کە ناوەندی کۆمەڵە نوێکەیە (19) . پاشان دەرکەوت ئەمە درووست نییە– نەک بەو مانایە کە ناوەندی کۆمەڵە نوێکە نەبووە ( قوتابخانەکە ناوەندی بوو و ئێستەش ) ، بەڵام بەو مانایەی کە ئەمە هەموو شتێک نییە ، هەموو راستییەکان نییە . هەندێ خەڵک لە خۆوە (زاتییەن) قوتابخانەکەیان وەک ئەم ناوەندە لێکرد و وەک بابەتیانە ، بەڵام پشتی بە ژیانی راستەقینەی کرێکارانی پێشکەوتووخوازانەی راستەقینە بەست . لە پاڵ ناکۆکی لە نێوان هەردوو کۆمەڵەکە ، کۆنە و نوێ لە کابری ، ناکۆکییەکی تر دروست بوو لە نێوان بەشێک لە رۆشنفکرانی سۆسیال دیموکراتییەکان و کرێکارانی رووس کە سۆسیال دیموکراتی بەرەو رێگەی راست ئەبەن بە هەر قوربانییەک بێت و هەرچی رووبدات ، دەری ئەهێنن وێرای ناکۆکی و کێشمەکێش ( و چیرۆکەکان )) هەتا دوای ...و خەڵکانێک وەک میخائیل زەمانەتی ئەوەیە . و دەرکەوت ناکۆکی لە قوتابخانەکە درووست بوو لە نێوان ئەندامانی رۆشنبیری رووس کە نیشتەجێی کابرینن .
لە وشەکانی میخائیل وا ئەبینم کە تۆ کاتێکی زۆر سەخت بەسەر ئەبەیت ئەی ئەزیزەکەم
ئا. م.
بەرێکەوت بۆت ئامادە بوو بزوتنەوەی کرێکاری و سۆسیال دیموکراتییەکان بە دیاردە و شێوەکانی و لایەنی زۆری ببینی ، زۆر کاری کردە سەر ئەوانەی کە باوەریان لاوازە لە رۆشنبیرانی روسیا و ئۆروپای رۆژئاوا و بێ ئومێدن لە بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیزمی دیموکراسی . و من لەو باوەرەدام هیچ شتێک لەمە روونادات لەگەڵتدا .هیوام وابوو دوای ئەوەی کە لەگەڵ میخائیل گفتوگۆم کرد ، بەتوندی دەستت بگوشم .
بەهرە هونەرییەکەت قازانجی بێپایانی بەسەر چینی کرێکاری روسیا و ودەرەوەی روسیا هێنا ،و لە داهاتویشدا سوودی زۆری ئەبێ و دادت نادات کە خۆت بکەیتە خۆراکی خووە خەمۆکەکان کە قۆناخی کێشمەکێشی دەروەی وڵات وروژاندوویانە . لەوانەیە بارودۆخێک هەبێ ، ژیانی بزووتنەوەی کرێکاری ئەم کێشمەکێشە لەدەروە درووست بکات ، و هەروەها جوداخوازی و کێشمەکێش و لە نێوان بازنە جیاوازییەکان . و ئەمە مانای ئەوە نییە کە بزووتنەوەی کرێکاری لاوازە لە ناوخۆدا ، یان سۆسیالیزمی دیموکراسی لە بنەرەتەوە هەڵەیە ، هۆی ئەوەیە رەگەزەکان پێویستە چینی کرێکار بیتاوێنێتەوە لە حیزبەکەیان ، جیاوازییەکی سروشتی و خۆییە تارادەیەکی زۆر . چێنی کرێکار ئەتوێنێتەوە لە حیزبەکەیدا بە هەر حاڵ بێ ، و سۆسیالیزمی دیموکراسی

**شۆرشگێرانەیش لە روسیا ئەیتوێنێتەوە ، و بەزووترین کات ئەنجامی ئەدەن وەک هەندێ جار دیارە ، لەوکاتەی کە سەیری مەسەلەکان بکەین لە روانگەیەکی بارودۆخی بەنەعلەت لە دەرەوە ، و بە شێوەیەکی باشتر ئەیتوێنێتەوە بۆمان ، ئەگەر حوکممان بەسەر مەسەلەکاندا بدەین لە دێاردە دەرەییەکانەوە و هەندێ رووداو . و نموونەی وەک میخائیل زەمانەتە بۆ ئەوە .**

**دەستی تۆ و دەستی ماریا فیودۆر بە توندی ئەگوشم ئێسە هیوام هەیە یەک ئەبینین، و ئێمە وەک دوژمن یەک نابینین.**

**لینینەکەت**

**پاریس**

**بەرگی** 47 لا 219 _220